Stichting Koerdische Schrijvers in Nederland

**ڕەخنەنی ئەدەبی**

# خۆشەویستی ڕۆحەتەباکان* نەپێویستی بەزمان و نەبڕواشی بەسنور و نەژاد هەیە



**چیا یاسین**

ئەو کاتەی کتێبی ( پاتریسیاودیارییەکەی ) ی جەزا چنگیانی م دەستکەوت بیخوێنمەوە, وەک هەر کتێبێکی تر وەرمگرت, بەس ئەوەی سەرنجی ڕاێشام بەرگی ئەو کتێبە بوو .

هەموو مرۆڤێک لە ژیانیدا زۆر شتم دەبینێت و و زۆر تاقیکردنەوەش ئەزمون دەکات, ئەمانە وادەکات کە ڕۆژ بە ڕۆژ زانیاری زیاتری هەبێت .

کتێبەکەم لەماوەی 3 ڕۆژدا خوێندەوە, لەگەڵ ئەوەی ماوەی کەمم هەبوو بەڵام کتێبەکەم خوێندەوە, دەمویست لەگەڵ هاوڕێەکمدا گفتوگۆی لەسەر بکەین پاش خوێندنەوەی, هەر بۆیە جارێکی تریشم خوێندەوە .

بەڵام گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی وا هەستیار بۆ کۆمەڵگەی ئێمە کارێکی ئاسان نەبوو, چونکە ئەو بابەتە هەمیشە تابۆیە لەنێوان تاکەکانی ئێمەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت چ جای لە نێوان کوڕو کچێکدا, ئیتر هەستم کرد کاتی ئەوەیە و هیچ پەنایەک و بەهانەیەکم نیە بۆ ڕاکردن لە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتە, بۆیە ڕۆژێک بەرگێکی ئەستورم لە کتێبەکە گرت و لە زەرفیکدا یامەوە دەست هاوڕێکەم, پێشتر پێم وتبوو کە کتێبەکە ئەهێنمەوە, لەو بڕوایەدا بووم ئەو خۆی ئامادەکردبوو کە گفتوگۆی لەسەر بکەین.

ئەو کاتەی کتێبەکەم خوێندەوە, دەفتەرێکە بچوکم لەلای خۆم دانابوو, هەر ڕستەو گوزارشتێک سەرنجی رابکێشامایە, تۆمارم دەکرد لە دەفتەرەکەمدا, هەر بەو نیازە نوسیم کە یەکسەر نوسراوەکە بدەمە دەست هاوڕێکەم, چونکە پاش خویندنەوەی هەستم کرد قورسە بۆ من گفتوگۆکردن لەسەری .

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک رستەی تێدابوو کە جێگەی هەڵوێستەکردن بوو لەسەری, ئەم رستەو گوزارشتانە زۆر منیان ڕاکێشا کاتێک کتێبەکەم خوێندەوە,

( خۆشەویستی رۆحەتەباکان, نەپێویستی بەزمانو نەبڕواش بەسنورو نەژاد هەیە ) .

( پێویستە مرۆڤ لەهەر دۆزێکدا بێت, وزەی بەرەنگاربوونەوەی خۆی فەراموش نەکات, ژیان بێ بەرەنگار بوونەوە, یانی چوکداان, چوکدادانیش یانی مردنێکی لەسەرخۆ, بەرەنگاربوونەوە, یانی ژیانو تەمەنی درێژبوون) .

نیتچە دەڵێ: (ئافرەت زبڵخانەی شەهوەتی پیاوە).

پاشان لە کۆتایی خوێندنەوەی کتێبەکە ئەم ڕایانەی خۆم هەبوو لەسەر کتێبەکە, هەرویستیشم ئەوانە بگەیەنم بەهاورێکەم,..

ئەو کتێبە باس لە ژنێکی ئەوروپی دەکات کە توندوتیژییەی زۆری دەرهەق دەکرێت لەلایەن هاوسەرەکەیەوە, هاوسەرەکەی کەسێکی بی هەستەو ڕۆژانە توندوتیژی دەنوێنێ لە رەفتارەکانیدا, بژێوی ماڵ پاتریسا پەیدای دەکات و هاوسەرەکەی بەزۆر لێی دەسەنێت و لە شتی پڕوپوچدا خەرجی دەکاتەوە. پاتریسیا ژنێکە داماوتر لە ژنی کۆمەڵگەکەی خۆمان و ڕۆژهەڵات , تەنها ئەوەی کە کەمێک لە ئازارەانی پاتریسا کەم دەکاتەوە خواردنەوەی مادە کحولیەکانە, هەروەها جارجارەش بەشەوان دەچێتە یانەکان, پاتریسا گەلێک سوکایەتی پێدەکرێت لەلایەن ئەو پیاوەی کە ژیانی لەگەڵ بەسەر دەبات, تا شەوێک لەو شەوانەی لە یانە دەبێت سەرنجی پیاوێی ڕۆژهەڵاتی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت, پاشان هەر ئەو پیاوە دەبێتە هاوڕێیەکی نزیکی پاتریسا.

پاتریسا ژنێکی شۆخوشەنگە, لە میانەی هاوڕێیەتی و هاوسۆزی پاتریسا لەگەڵ پیاوە ڕۆژهەڵاتیەکەدا, نوسەر گەلێک هەستی جوان و خۆشەویستی گوزارشت لێکردوە, هەروەها کاتێکیش کە باس لە ئازارەکانی ژنێک دەکات بەهەمان شێوە ئازار بەخشە کە باسی لێوەدەکات.

هەستەکان هەستی پاتریسایە:

بەڵام ئەو هەستانە لە هەستی پاتریسا ناچێت, بەڵکو لە هەستی ژنێکی ڕۆژهەڵاتی دەچێت, نەک لە ژنێکی ڕۆژئاوای چۆن؟

پاتریسا وەک ژنیک پەشیمانە لەوەی لەگەڵ هەرکەسێک پەیوەندی بەستوە, لەگەڵ هەر کەسێک سۆزی بەخشیوەو وەریگرتوە, ئەمەش سیفەتیکە کە لە ژنانی ڕۆژهەڵاتیدا هەیە, ژنی ڕۆژهەڵات هوشیاری بۆ هەموو پەیوەندیەکان وایە, تەنانەت لەگەڵ هاوسەرەکەشیدا هەمیشە خۆی بەوە دەزانێت کەغەدری لێکراوەو شتێکی زۆری لەدەست چووە, هەر ئەم زیاتری بەخشیوە لەوەی کە وەریگرێت لە پەیوەندییەکانیدا .

ئەگینا ژنێکی ڕۆژئاوا لەوە تێدەگات ئەو پەیوەندی ومومارەسانەی ئەنجامی دەدات لەگەڵ کەسی بەرامبەر یان هاوسۆزەکەیدا, پێویستیەکی ژیانی هەموو مرۆڤێکە لەهەر جێگەیەکی ئەم دونیایە بێت .

لە جێگەیەکدا کاتێک پاتریسا باس لە چۆنیەتی ئەو هەموو توندوتیژی و بەسوک تەماشاکردنە دەکات کەلەلایەن مێردەکەیەوە دەرهەقی دەکرێت وەک ژنێک قبوڵی دەکات, ئەمەش هەرلە بۆچونی ژنێکی ڕۆژهەڵاتی دەچێت, کەهەمیشە هەست بەو جیاوازییە زۆرەی نێوان خۆییو پیاو دەکات, کە پیاو هەموو بڕیارێکی لەدەستدایە, تەنانەت لە کاتی جوتبونیشدا هەمیشە چاوەڕوانە کەبەرامبەر (واتە مێردەکەی) لێی بێتە پێشەوەو دەستپێشخەری بکات.

هەموو ڕەفتارێکیشی لێ قبوڵ دەکات لەو کاتەدا, چونکە ژنی ڕۆژهەڵاتی ڕادەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری کەمە لەو بوارەدا نازانێ ڕەفتاری سەلیم چۆنە, و ڕەفتاری باش ناناسێت .

پاتریساخۆشی لە مێردەکەی نایەت و حەزی لێینیە, ئەو کەسە نیە کە هەموو پێیداویستیەکانی پڕبکاتەوە, پاشان کەسێکیتری خۆشبوێ یان هەر مێردەکەی لەکاتێکەوە بۆکاتێکی تر, ئەمە شتێکی ئاسییە لە مرۆڤەکاندا, چونکە لەکاتێکدا کە لەلایەنی سۆزداری بۆشایی هەبێت خۆشی نازانیت چی دەوێت, چۆن ڕەفتار دەکات, ئاساییە کە ئەو کاتەی بۆشایی هەبێت بگەڕێت بەدوا کەسێکدا کە پێداویستیەکانی پڕبکاتەوە .

******

بەڵام دوفاقی لە مامەڵەی پیاوێکی ڕۆژهەڵات, کاتێک کە لێرە لەدایک بوبێت و چەندین ساڵ لە تەمەنی لێرە بەسەربردبێت, کاتێک دەچێتە ئەوروپا وژنێکی ئەوروپی بەهاوسەر یان هاوڕێ هەڵدەبژێرێ, هەر ئەم پیاوە ڕۆژهەڵاتیە زۆر گۆڕانکاری بەسەر بیروبۆچون و مامەڵەو ڕەفتاریدا دێت زۆر نەرمی دەنوێنێ لەگەڵیدا, بەشێوەیەک کە لەپیاوی ئەوروپی باشتر لەهەستەکانی ژنێک تێدەگات, مرۆڤانەتر مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دەکات بەپێچەوانەوە ئەگەر ژنێکی ڕۆژهەڵاتی یان ژنێکی کۆمەڵگەکەی خۆی ژنی بێت ڕەنگە زۆر زیادەڕەوی لە ڕەفتارە توندەکانیدا بکات, کە زۆرترینیان توندوتیژی دەرونی دەبێت, کە هەمیشە هاوشانی توندوتیژی جەستەیی وسەرەڕای ئەوەش توندوتیژی سێکسی, کە هەمیشە شێوازی جۆراوجۆر ونوێ دەدۆزێتەوە بۆ ئازاردانی ڕۆح و جەستەی ژنەکەی, کە هەمیشە لە دڵڕاوێدا دەژین و وە ئەوەی دوو بەرەی جەنگ بن لە مەیدانێکدا, بۆیە ژنی ئەم کۆمەڵگەیە هەموو پەیوەندییەک وەک جۆرێک لەدەستدرێژی دەبینێت کە بەرامبەری ئەنجامدەدرێ, تەنانەت لە ناو ژیانی هاوسەریشدا, واهەست دەکات لە ململانێدایە, چونکە لەخێزانی ڕۆژهەلاتیدا زۆر بەکەمی ژن بەرەزامەندی تەواوی خۆی پەیوەندیی سیکسی لەگەڵ مێردەکەی بکات, یان دەسپێشخەر بێت بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوەکانی, بەتایبەت ئەگەر پیاوەکە لەژیانی ڕۆژانەیدا کەسێک بێت مامەڵی ناشرین و توندو رەق‌و بێ هەست بێت لەگەڵیدا, چونکە هەستی ژن زۆر ناسکە هەموو ڕەفتارەکانی ڕۆژ دەبەستێتەوە بە شەوەوە, کە ژنیش لەاتەدا وە ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە یان هەموو ڕەفتارە ناشرینەکانی ە دەهەقیکراوە لەو کاتانەدا دێتەوە یادی کە کەسی بەرامبەر ئارەزوی نزیکبونەوەیەتی, بەڵام ڕەنگە پیاو بەو جۆرە نەبێت چونکە بەراستی من نازانم‌و ناتوانم بەو شێوەیە هەستەکانی پیاو بناسم.

لەگەڵ ئەوەشدا نکوڵی لەگەرمی ژنی ئەوروپای ناکرێت لەو پەیوەندییەدا,. کە کۆمەڵگەی ئەوروپی مرۆڤەکان وەک یەک بەبێ جیاوازی ڕەگەز پەروەردە دەکرێن وە ئەویش بەهۆی ئەوسستمی پەروەردەیەی کە لەوێ پەیڕەو دەکرێ, کەپێچەوانەی ئەو پەروەردەیەیەکە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەی پێ پەروەردە دەکرێ, کە وابەستەی کۆمەڵێک دابونەریتە, بوونی جیاوازی لەنیوان هەردوو ڕگەزی نێر و مێدا کە بەجۆرێک هەموو مافێک بە ڕەگەزی نێر دەدات و لە بەرامبەردا لە ڕەگەزی مێی دەسەنێتەوە .

لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا کچێکی تەمەن 17 ساڵ, زانیاریی زۆرکەمی هەیە لەسەر ئەو بابەتانەی کەتایبەت و پەیوەستن بە خودی ناخ وجەستەی خۆی, لەهەموو گۆڕانکاریە فیسولۆژیەکان‌و ئەرکی ئەندامەکانی جەستەی خۆی تێناگات, دەبنە جێگەی پرسیار و سەرسوڕمان لەلای ە زۆربەی جارەان وەڵامی دروستی جنگ ناکەوی بۆ پرسیارەکانی, هەروەها لە ڕوی بەکار هێنان و ئەرکەکانیەوە هەرواتر.

ئەو هەستانەی نوسەر بە ناوی ژنێکی ئەوروپییەوە, دەیڵێ تەنانەت لە هەندێ لەو هەستە ناسکانەی کەلەهەندێک حاڵەتدا باسی دەکات, ئەو هەستەیە کە خۆی گوزارشتی لێدەات وراڤەی دەکات کاتێک بەچاوێکی حەزەوە لە خۆشەویستەکەی ئەروانێت, چونکە بەشێوەیەک لەشێوەکان, هەست و ئارەزوەکان لەو حاڵەتەدا, بۆ ژنو, بۆ پیاو وەک یەکە, واتە چوونیەکە, بۆیە ئاساییە ئەو هەستە ببێت بە هەست و ئارەزوی ژنێک, چونکە لەو حاڵەتەدا هەموو هەستەکان دەجوڵێن لەلای کەسێک هەستیار بێتو لەگەڵ کەسێک کەخۆشی بوێت هەستێکی زیندووە, بەڵام ئەو هەستانە لە 100٪ بۆژنێک وانیە, چونکە زۆر شتیتر هەیە کەئەو نەیتوانیوە لە جیاتی ژنێک گوزارشتی لێبکات و بیدرکێنێ .

هەستەکان لەهەستی ژنێکی ڕۆژهەڵاتی دەچێت چونکە لەو کاتانەشدا کەپاتریسا باس لە لەش‌ولاری خۆی دەکات, هەڵکەوتەی لەش‌ولاری لە ژنێکی ڕۆژهەڵاتی دەچێت, کاتێک کەباس لەئەندامە مێینەییەکانی خۆی دەکات کەزیاتر لەژنێکی جوانو گەرم‌وگوڕو هەست بزۆێنی ڕۆژهەڵاتی دەچێت, کەدەیەوێت هەموو ئەندامە جوانەکانی خۆی بەیان بکات خۆی وا نیشان بدات کە ژنێکە چێژدەدات و چێژیش وەردەگرێت, لەگەڵ ئەوەشدا کەژنێکی ئەوروپی وەک پێویستیەکی ژیان لە وێ و پرۆسەی سێکس دەڕوانێ پێویستی بە هەندێک هەلسوکەوت نیە تا لەبەرامبەر بگەیەنی, کە مەستە, ئەوەندەش بەوردی لێی ناڕوانێ, بەستنی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ خۆشەویست یان هاوسەر کارێکی گران نیە هێندەی پێویستیەی ژیانە .

ڕاستە لە ئەوروپا ڕێز لە ماف و ئازادی تاک دەگیرێت, بۆهەموو شتێکو بوارێک, بەڵام لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا ڕێگە نەدان یان قەدەغەکردنی ئازادی بۆسێکس هەمیشە جێی باسە بۆ ؟, بە زۆرینەش کۆکین لەسەر ئەو ڕایە .

بە مانا سادەو ساکارەکەی ئەوەیە دور لەعەقڵو سۆز لە سێکس دەڕوانین چۆن؟

کاتێک کەسێک کەسێکی خۆش دەوێ بیر لەلایەنی سێکسی دەکاتەوە تاچەند ئەو کەسە دەتوانێت لە لایەنی سێکسیەوە تێری بکات, نەک بیر لەوە بکاتەوە ئایا بیروبۆچونی کەسی بەرامبەر دەگونجێ لەگەڵ بیرو بۆچونیدا ئایا توانای عەقڵی و بیرکردنەوەی کەسی بەرامبەر لە چ ئاستێکدایە؟؟؟ پاشان بیر لە گونجاندنی سێکسی بکاتەوە .

لایەنی سۆزداری / هەستەکان ئەوەندە ناسکە ڕەنگە نیگایەک ببێتە هەوێنێ خۆشەویستیەکی گەورەو ئەو دووکەسە گیانی خۆیان لە پێناویدا دابنێن هێشتا بەلایانەوە کەم بێت, بەڵام ئەمانە لەچ کاتێکدایە کاتێک کەعەقڵ حزوری نیە, بەڵام کاتێک کەکەسێک لەڕوی عەقڵو گونجاندنەوە یەکتریان ناسی ئەو کاتە سێکس لایەنێکە لەلایەنە گنگەکانی ژیان, وەهەمووی نییە!!!, چونکە هەمیشە سێکس لەکاتێکی نهێنیو بەشێوازێکی نهێنی ڕەنگە زۆر هەستەکانیش وون بن‌و وجودیان نەبێت کارەکە تەواو بێتو دولایەنەکەش هاوسەنگ نین تیایدا .ئالەو بارەدا نیوە بە ئاگا نیوە بێ ئاگا, نیوە بەئاگاکە ئەوەیە کەئەو دوو کەسە لەژیانی رۆژانەدا دووکەسن کەلەواقیعدا ناگونجێن‌و لەرۆژدا دوکەسن کەناگونجێن ورێک ناکەون لەبچوکترین شتی ژیان هەتا گەورەترین, گونجاندنیان کەمە هەر یەکە حەزی لەشێکە لە شوێنێکە, بەڵام کاتێک ڕەفتارەکانی رۆژ نەگونجێت شەویش ناهاوسەنگی لە پەیوەندیدا دەکەوێتە نێوان ئەو دوو کەسە, بەجۆرێک نا هاوسەنگی ڕۆژ کاریگەر دەبێت لەسەر شەو, کە ڕۆژ دەتوانین بە واقع ناوی ببەین, شەویش ناهاوسەنگ دەبێت کە دەتوانین بە گونجاندنی هەستەکان ناوی ببەین, کە کاریگەری سلبی شەوی دەمێنێتەوە بۆرۆژ و هەروەها پێچەوانەکەشی هەر دروستە, واقعی ژیانی دوو کەس لەگەڵ گونجاندنی هەستەکان بە شەوو ڕۆژ ناودەبەم, لەبەر زیاتر ڕونبونی دۆخەکان.

کاتێک کاریگەرییەکانی وای لێهات ژیانی واقع زیزبون و ڕەفتاری نادروست کەوتە نیوان دوو کەسەکە, ڕێزگرتن لە نێوانیانە هاتە ئلستی وونبون لەو اتەدا, هەستەکان بە پێچەوانەی هەستی یەکترەوە ڕەوت دەەن و دور دەکەونەوە, هەروەها لێک دور کەوتنەوەی هەستەکان لەکاتی جوتبوندا, هەتا ماوەیەک ئەو جوتە یان ئەو دوو کەسە دەتوانێت بەردەوام بن, پاشان پێکەوە ژیان مەحاڵ دەبێت, ئەگەر بەردەوامیش بێت ئەوا فشارێکی زۆر دەکەوێتە سەر هەستوسۆزو عەقڵی هەردولا, کەلێرەوە لادانەکان روودەدات ئەگەر لەژیانی خێزانیدا مایەوە, مەبەست لەلادانی هەردوولا و پابەندنەبون بەرێساکانی خێزان و دروستبونی کەلێن لە نێوانیان , بەڵام بەنەمانی ئەو فشارە دەرونیە, یان توندوتیژیە جەستەییە کەسەکە بەرەو بارێکی دەرونی هێمنو هێواش دەگەرێتەوە, جا بە گەڕانەوەی ئەو دووکەسە بۆ سەر هێڵی ڕاستی ڕێزگرتنی, یان دورکەوتنەوەو جیابونەوە, وەک لەخەوێکی ناخۆش خەبەری بێتەوە, بەخەونێکیترەوە بەرەو ڕووی ژیان دەبێتە ئەگەر دەوروبەری هاوکاری ئەو کەسەی کردو گونجاو وەکو کەسێکی تەندروست وشیاو سەیر کرا.

ئەگەر کەسەکە لەسەربنەمای جوانی یان سۆزێکی کوێرانە یەکتریان هەڵبژارد بێت ئەوا ئەو هەستانە زۆربە زوویی دەپوکێتەوە کەسەکە ناشرین و ناشیاو دەبێت لەلای کەسی بەرامبەر, ئەگەر ڕەفتارەکانی قبوڵ نەکرا لەلای, دڵ دەگۆڕێتو سۆز و خۆشەویستی هەستە جوانەکانی تێدا نامێنێت بەرامبەر بەیەکتر, بەڵکو هەست دەکات ئەوە تۆرێکە ڕزگاربوون لێی مەحاڵە وەکو دێوەزمەیەک هەمیشە ئێخەی گرتوە . بەڵام هەڵبژاردن بەعەقڵ ئەوەیە کە هەڵە قبوڵ ناکاتو ئەوەی هەڵەشی لەگەڵ ناکرێ هەر عەقڵەو گونجاندنی عەقڵە, هەر بۆیە جیابوونەوە لەوڵاتە ئەورووپیەکان زۆر ئاسان ترەو ڕێژەشی بەر بڵاوە, ەویش بەهۆی ئەو هۆشیارییەی ئەو کۆمەڵگەیەیە بۆ پەیوەندییەانی نێوان مرۆڤەکان, چونکە نەگونجاندن لە نێوان تاکەکاندا شتێکی باو وئاساییە, رێگە بە خۆشیان نادەن هاوسەری بکەن تاماوەیەکی زۆر تێکەڵاوی یەکتر نەبنو لەیەکتر تێنەگەن . کەشێوازێکی سەلیم و دروستە, بەڵام ئایا لێرە ئەوە تاچەند برِ دەکاتو دێتە دی, کەسێک یان ژنێک رێگە بەخۆی دەدات پەیوەندییەک لەگەڵ کەسێکدا ببەستێت, ئایا دوایی کەسی بەرامبەر چۆن لێی دەروانێت و چۆن قبوڵی دەکاتەوە ؟؟؟؟ ئەمەش بابەتێکی ترە کە باسێکی سەبەخۆیە .

ئەم کتێبە کەسێک نوسیویەتی لێرە ژیاوە پێش ئەوەی کچێکی ئەوروپی هەستی بجوڵێنی و خۆشی بوێت کچێکی کوردی خۆشویستوە, پێش ئەوەی لەش‌ولاری کچێکی ئەوروپی ببینێت هی کچێکی کوردی بینیوە, بۆیە لە نوسینەکانیدا, کاریگەرییەکان بە ئاشکرا دیارن, شێوازێکی ڕۆژهەڵاتی و بە تایبەت وردانەی پێوە دیارە .

* کتێبی ( پاتریساودیارییەکەی) / جەزا چنگیانی.